
ئانا پێکەنینی پێی دەهات ،هیچ کات وای چاوەڕوان نەدەکرد کەسێك بێ پاشگر بانگی بکات،پێی شتێکی سەیر بوو ..لەخۆوە بزەی دەهات،لەکاتێکدا هەموو قوتابیان دەیانزانی ئانای ناوە و بە قەڵەو زۆرخۆر وتەمەڵ..هتد ناویان دەبرد .

ئانا ڕادیۆبچوکەکەی نابوو بە گوێیەوە و گوێی لەگۆرانی‌یەك گرتبوو کە گۆرانی بێژەکەی ناوی ئانا لۆڤیندەی ناوبوو ،پێی وابوو خۆشترین ناوە ،گەرکەسێك لەماڵ نەبوایە ئانا حەزی وابوو لەبەردەم ئاوێنەدا ڕابوەستێت و



سەیری خۆی بکات لەبەرخۆیەوە دەیووت ..ئا..ئا.. منیش ناوم ..ئانا لۆڤیندەیە ..ئا..ئا.


-5-

ڕۆژێك ئانا جوانترین عەزی کڕی بوو ..سورێکی یەخەدار ،دایکی پێی ووت (زۆر زۆر جوانە لەبەرتا..)،ئانای خۆشی هەمانشێوە پێی وابوو کە زۆر جوانە ،کاتێك کە کاتی نوستن نزیك دەبۆوە هەڵی دەواسی بۆ ئەوەی سبەینێ لەبەری بکاتەوە ..زۆر پێی باش بوو ،ئەوە تاکە

جلوبەرگێك بوو كە بۆ قوتابخانە پێی جوان بێت..كاتێك بەرەو قوتابخانە دەرۆی لەبەرخۆوە دەیووت :

(گەر ڕاست دەكەن با ئێستا قسەم پێ بڵێن ،هیچ دوور نی‌یە پێم بڵێن "چەند جوانە لەبەرتا" یان بڵێن "ئۆو ئانا چۆن لەگەڵت گونجاوە ").

كاتێ گەشتە گۆڕەپانی قوتابخانە بەرەو لای ئەوانی تر چوو،چەند هاوڕێیەكی لای باخچەكەوە خەریكی یاری و



هەڵبەزەو دابەزیان دەكرد ..یەكەم ووشەی دڵگران ڕووی تێ كرد و گوێی پێ نەدا دواتر ماریا هاواری لێ كرد

{هێی..هێی ...}

ووتی {سەیری ئەم عەزی‌یە بكەن...!!! سەیركەن }ماریا وای ووت،

یانیكا ئیزعاجیش ووتی:{ئەوە بۆ كێ خۆت جوانكردووە ؟ ها..}


جێنیش ووتی :{سەیری ئەو عەزی‌یە ئۆو....}

یانیش پێی دەووت {جار جار تۆ خۆت زۆر خۆشەویست دەكەیت ..}

ئانا سوور هەڵگەرابوو ،گوێی لێ بوو پێیان ووت : وەرن سەیری قەڵەو بكەن..بزانن چۆن خۆی خۆشەویست كردووە.. هەموو پێكەوە هاواریان دەكرد و دەیان ووت (قەڵەو ئەمڕۆ خۆی جوان كردووە ) .

ئانا ئاگری لێ دەبۆوە لەشوێنی خۆی ڕەق وەستابوو ،واقی وڕمابوو ،ئەوەی چاوەڕوانی نەكرد ئەوەبوو..دەستی گرت بەعەزێكەیەوە ..هێندە قایم دەستی لێ گیركردبوو وەك ئەوەی پێی وابێت بە زۆر لەبەری داكەنن..ئەوان هەر لە ووتەی خۆیان بەردەوام بوون {قەڵەو ئەمڕۆ خۆشەویستە ..قەڵەو خۆشەویستە }یەكێك بانگی كرد :

{هێی ئەوە کێیە ،،چی لەخۆی کردووە....ئۆو..}ئانا ئاوڕی دایەوە وبەپەلە ڕای کرد ،تا توانای بوو بە خێرایی ڕای دەکرد ،دەیویست قوتابخانە جێ بهێڵێت ،گۆڕەپان جێبهێڵێت ..،بەرەو شەقامەکە ملی ڕاکردنی نا



بۆ ئەوەی هیچ کات لەوە زیاتر گوێی لەو ووشانە نەبێت کە گریان و هەنسکی لا دروست دەکەن ،خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو کە ئیتر تازە تەواو نەچێتەوە قوتابخانە .تەواو ئیتر تەواو ،هەرگیزاو هەرگیز ،ئاخر قوتابخانە بوو نازناوی قەڵەوی نا بە ئاناوە لە کاتێکدا ئەو تەنها ئانایە و بەس .

-6-

ئانا خۆشی نەیدەزانی بەرەو کوێ ڕادەکات ..ئەوەی بۆ ئەو گرنگ بوو ئەوەبوو قوتابخانە جێبهێڵێت ولەو شوێنە نەمێنێت،لەو ناوو ناتۆرەیە دوورکەوێتەوە ،نەیدەویست هیچ کاتێك گوێی لەوە بێت کەسێك پێی بڵێت قەڵەو ،شەقامەکەی جێهێشت ،لەسەرڕێگا کەسێکی بینی

خانمەکەی دروسێیان خاتوو(فۆرتاون)ی بینیکە زانی ئەوە ڕای کردە ئەوبەری شەقامەکە، یارییەکەی نێو جانتاکەی لە شپرزەییدا لێ کەووت بەڵام ئاوڕی لێ نەدایەوە .




ئینسان واقی وڕدەما کاتێ سەیری دەکرد ..هیچ کاتێك نەبووە وابە پەلە ڕابکات،بە تەواوی لە قوتابخانە دوورکەوتەوە ..کە زانی بەتەواوی لە چاوی هاوڕێکانییەوە دوورە لە ڕاکردن وەستا..ئێستا لەکوێیە ؟ خۆی لەخۆی دەپرسی ..زۆر ترسا ..هیچ کات ئەو شوێنەی نەدیبوو نەیدەزانی کوێیە ..ئەو شەقامە کەوتبووە..

WWW.kurdistan



جێیەکەوە نزیك لە باخچەیەك کە پڕ لە داری بەرزبوو، بە هێواشی بە باخچەکەدا دەگەڕا..
لە ڕاستیدا خۆشی
نەیدەزانی چی دەوێت ،لە ئانا زیاتر کەسی تری لێ نەبوو ،دەیویست چۆن خۆی پێی خۆشە
ئاوهاتێر تێر بگری ،بەڵام نەگریا ،



حەزی کرد جانتاکەی دابگرێت و کەمێك بە پێ بگەرێت..لەوێدا لەئاوێکی نێو باخچەکەدا کورسی‌یەکی بینی،چوو دانیشت و ئەژنۆکانی پێکەوە جووت کرد و نوساندی بە خۆیەوە .جانتاکەشی لە چیمەنەکە دا فرێ دا ..لەبەرخۆوە ووتی:

{ئیتر پێویستم پێی نەما ..تەواو }

ئانا بە سەرنجەوە سەیری دەکرد چەند مراوی‌یەك و قازێکی سپی لە ئاوەکەدا بوون ..سەیری دەکردن ..قازەکە بەرەو قەراخ دەهات ڕووە و ئانا.. وای زانی ئانا شتی بۆ هێناوە ..ئانا وتی:

{بەداخەوە هیچم بۆ نەهێناویت و هیچم بۆ نەهێناویت تا بۆت فرێ بدەم ،بە داخەوە}

وای بە قازەکە ووت وەك ئەوەی نەیەوێت قازەکە لە خۆی زویر بکات ،دواتر ووتی:

{داخم ناچێت ..تۆش تەنهایت } هەستا و بەرەو ڕووی قازەکە چوو ..بە تەواوی لە قەراغەکە نزیك بۆوە و سیمای خۆی لە ئاوەکە بینی.

